# داکۆکی کردن لەمافی پەنابەری هیچ قەیدو بەندێك هەڵناگرێت !

**لە پەراوێزی (( داکۆکیەکەی )) پارتی و یەکیەتی لە پەنابەران**

**ڕێبوار عارف**

دیاریدەی ئاوارەبوون زیاتر لە دەهەیەکە بووتە یەکێك لەگەورەترین کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵگای عیراق بە کوردستانیشەوە . قوربانیای ئەم دیاریدەیە هەر تەنها ئەو هەزاران کەسە نەبوون کە بیّ سەروشوێنن یان لە ڕێگەو بانەکاندا گیانیان لەدەستداوە. هەقیقەت ئەوەیە کە هەزاران کەسی تریش پەلکێشی نێو دەریایەك لەمەینەت و ناڕەحەتی کراوەتەوە. کەهەر لەجیابوونەوەی هەزاران خیزانەوە بگرە کە بەهۆی کاریگەری ئەم دیاریدەیە بووە تا بەشێکی زۆر لە گرفتە دەرونیەکانی مندالانێك کە لە خۆشەویستی وسۆزی باوك و بەرپرسانیان دابڕاون. هەر لە لەچاوەڕوانی مانەوەی ئەندامانی خیزان بۆ سالەهای ساڵەوە بگرە تا جۆرەها گرفتی ئابوری و تا...! دەبیت ئەوەش بلێین کە بە دلنیای ڕووداوی 11ی سیپتمبەر کاریگەری یەکی یەجگار گەورەی هەبوو لەسەر توندوتیژکردنەوەی سیاسەتی دژی پەنابەری ئەم وولاتانەو بەکردەوە داخستنی هەموو دەرگاکان بەرووی پەنابەراندو تەنانەت کەم کردنەوە بڕینی هەموو ماف وخزمەت گوزاریەکانیان . بەلام بە هەموو ئەو ئاستەنگی و تەنگ پیّ هەلچنیناوە، هێشتا تروسکەی ئومێدێك بەدی دەکراو ئەگەری وەرگرتنی ماف پەنابەری، یان لایەنی کەم ماف مانەوەی پەنابەران وەك ئەمرۆ لەبەردەم مەترسیەکی وا گەورەدا نەبوو. بەلام دەبینین کە دوو سالّ پاش ڕووخانی بەعس، دۆخەکە بە تەواوی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و تیڕوانین ولێکدانەوەکانی تا دوێنمان کافی نیە بۆ ناسین و تاوتویّ کردن و بەرپەرچدانەوەی ئەم قوناغە نویّ یە. بە تایبەت بۆ ئیمەو هەموو ئەو کەسانەی کە خۆیان لەبەرەی راوەستانەوەو داکۆکی کردن لەپەنابەران دەبینەوە، پیویست بە هەلویستەیەکی ڕۆشنترو تا بتوانین نەخشەیەك بەکردەوە دەربهینین کەکاریگەریەکی گەورەیان لەسەر گۆرینی هاوکیشەکانی هەبیت لەبەرژەوەندی پەنابەراندا !

بۆیە لەمبارەوە ئەگەر ئەوە بە فەرز وەربگرین کە سیاسەت و هەلویستی حکومەتی بەریتانیا ڕۆشنەو پیویستی بە لیيکدانەوەو تاوتۆی کردنیکی زیاتر نی یە، ئەوەی کە دەمینیتەوە دەوری پەنابەران خۆیان و حزب و بزوتنەوە سیاسی یەکانی عیراق و کوردستانە کە ئاخۆ دەبیت کەوتبیتنە کۆی ئەم هاوکیشانەوەو چ دەوریکیان هەبیت لە پەیوەند بە دیپۆرت کردنەوەی هەزاران پەنابەری کورد بۆ کوردستانی عیراق ؟

ڕۆشنە ئەمرۆ عیراقی بندەست حکومەتەکەی ئەمەریکا، مەیدانی کیشمەکێشی سیّ حزب و بزوتنەوەی سیاسی کۆمەلایەتی جیاوازەو هەر لایەنیکیان کارنامەیەکی جیاوازی هەبووە لەپەیوەند بەژیان وچارەنووسی پەنابەراندا. ڕەنگە پیویست بەتیارامانیکی تایبەت نەکات بۆ ئاوردانەوە لەدەوری حزب ولایەنە ئیسلامی یانەی بەشدارن لەدەستەلات،یان ئەوانەی دەرەوەی دەستەلات. تیرۆریستانی دەرەوەی دەستەلات بە ئاشکراو بیّ هیچ دوو دلّی یەك ڕێگەی ئیرهاب وکوشتارو تەقینەوە تۆقاندنیان دژ بە خەلکی عیراق هەلبژاردوەو پەیامی جەبهەی مقامەوەمەت شتیك نابیت زیاتر لەوەی کەڕۆژانە جەستەی سەدان کەس شەلالی خۆینکەن. شمشیر راکیشانەکانی دوێنی وئەمرۆی سەدرو لایەنە هاوشیوەکانی تریشیان کە لەدەستەلاتدان نەهیچ خۆش خەیالی یەکیان بەنەیارە سیاسی یەکانی خۆیان هەیەو نەهیچ باکیکیان لە ویران کردنی چەندین فەلوجەی تردا هەیە. ئەوەی ئەوانی لە قاوغەی ئەمرۆدا راگرتووە گەرانە بە دوای فرسەتیکی کونجاوتر بۆ راکیشانی شمشیرەکەی ئیمامی علی بۆ دیاری کردنی سنووری عدالەت. هەروەها ئەگەر هەلویست و کارنامەی نموونەی بالاو بەهیزی ئەم رەوتە کەجەماعەتی جەعفری و دەستەو دائیرەکەی بیت، رەنگە دەستەلاتی ئەم چەند مانگەی رابدرودیان هیچ گومانیکی بۆ کەسانیك نەهیشتبیتەوە کە بەدوای بەرژەوەندی وئامانجەکانی خەلکەوە بیت. ئەوان کە تائیستە کیشەیان لەبەرسمی یەت ناسینی ماف و ئازادیەکانی خەلکی کوردستان هەبیت، چاوەڕوانی یەکی بیّ بناغەیە ئەگەر پیمان وابیت ئاخۆ چ هەلویستیکی پۆزیتیفیان لەسەر ژیان و چارەنووسی سەدان هەزار پەنابەری کورد زمان لەم وولاتانەدا هەبیت. تا ئەو شوینەی کە حزب ولایەنیك بەکردەوە پیّ دەکەویتە مەیدانی هەلویست گرتن و (( بە تەنگەوە چوونی )) ژیان و چارەنووسی پەنابەرانی کورد بەدلنیای پارتی و یەکیەتی یە وەك لایەنی سەرەکی و بەرپرس لە ئاستی حکومەت و دەستەلاتدا. بۆیە جیگەی خۆیەتی کە رۆچوون و قولبوونەوەیەکی زیاتر بکەینە هەوینی باسەکەمان بۆ دیاری کردنی رۆلی ئەم دوو لایەنە لە پەیوەند بە دیپۆرت کردنەوەی پەنابەراندا بۆ کوردستان.

## پارتی و یەکیەتی پشتگیریان لە چی کرد ؟

بەپی ی هەوالەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن هاوکات لەگەلّ بریاری دەرکردنی 7000 پەنابەری کوردا ، پارتی و یەکیتی هەلویستیان لەسەر ناردنەوەی پەنابەران گرت. بۆیە هەر لە هەمان هەفتەدا مەکتەبی سیاسی هەردوو نووینەرانی خۆیان نارد بۆ دیدارو کوبوونەوە لەگەل وەزارەتی

ناوخۆی حکومەتی بەریتانیاو لەو بارەوە سەرنج ورەخنەی خۆتان لەپەیوەند به جۆری گەڕانەوەی پەنابەران ڕاگەیاند. بەلام ئەوەی کەلێرەدا جێگەی پەردە

لەسەر هەلمالینە، ئامانج و مەرجەکانی قبول کردنی ناردنەوەی پەنابەرانە لە روانگەی ئەم دوولایەنە دەستەلاتدارەی کوردستانەوە. بەدلنیای ئەوەی کە پارتی ویەکیەتی خەونی پیوە دەبینیت ،دەستەبەرکردنی ئامانجە سیاسی یەکانی خۆتانە نەك داکۆکی کردن لە مافەکانی پەنابەران بۆ بەهرمەندبوونیان لەماف نیشتەجی بوون . بەر لە هەرشتیك ئەوە بلێین کە کال فامیەکی بێ سوودە، گەر کەسێك پێیوابێت ئەم بریارەی حکومەتی بەریتانیا کوتوپڕوبووەو نە حکومەتی عیراق و نە پشکەکەی پارتی و یەکیەتی پیشوەخت ئاگاداری ئەم نەخشەو پیلانە نەبوون. ئاخۆ کێ بەو دۆعایە بلێ ئامین کە پارتی و یەکیەتی تەنانەت ئاگاداری کات و رۆژی دیاری کراوی دیپۆرت کردنەوەی ئەو 33 پەنابەرە نەبوو کە دوابەدوای بریارەکە حکومەتی بەریتانیا لە فرۆکەخانەکەی (( پایتەخت )) بەسلامەتی تەسلیمی کردنەوە. لێکدانەوەیەکی زۆری ناوێت مادام فرۆکەخانەی هەولێر بەپێ ادعاکانی خۆشیان بیت فرۆکەخانەیەکی نیونەتەوەیە، کە واشە . ئەوجا پرسیارەکە ئەوە کە مەگەر فرۆکخانە نیونەتەوەیەکان ستانداردو یاسای تایبەتی خۆیان نی یە؟ مەگەر ، هەر فرۆکەخانەیەکی نیونەتەوەی بەر لە فرینی ئەو فرۆکەیە بۆ شەێنی مەبەست ، واتە ئیزگەی نیشتەنەوە، ئاگادار دەکاتەوە کە لە چ دەقیقەو کاتژمیرێکدا دەکاتە جێ خۆی . دووەم هەر فرۆکەخانەیەك ماف ئەوەی هەیە کە هەر دەلێکی سیاسی و ئەمنیەتی ڕێگە بەدابەزینی سەرنشینەکانی نیو فرۆکەکە نەدات .پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەی ئەواتە ئەوە چۆنە کە مەکتەبی سیاسی پارتی دواتر نارەزایەتی خۆی ئاراستە دەکەن لەپەیوەند بەناردنەوەی پەنابەران ، ئەی بۆ لەگاتی گەشتینی فرۆکەکەدا ڕێگەیان بە دابەزینی ئەو 33 پەنابەرەدا ؟ ! !

بابینەوە سەر ئامانج و مەرجەکانی پشت پەردەی پارتی و یەکیەتی لەم جۆرە ((پشتگیری کردنەی پەنابەران )).

دیارە ئەو دوو تەوەر کە ئەم دوو لایەنە کردویانەتە محوەری قسەوباسیان، بەپێ ی راگەیاندنەکانی خۆیان. لەبارەوە هەلویستی رەسمی مەکتەبی سیاسی پارتی بەم شیوەیە کەدەلێ :(( ئەو هەلوێستەی حکومەتی بەریتانیا لەکاتێکدایە کەوا کێشەی دەستوور لەنیوان هەرێمی کوردستان وحکومەتی عیراق نەبڕاوەتەوەو ئەو ناوچە کورد نشینانەی تائیستا لەژێردەستی حکومەتی عیراقدان لەباروودۆخێکی نائاسایی بێ ئەمنیەتی دەژین ونەگەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان)). هەروەها لە تەوەری دووەمدا یەکیەتی دەلیت (( ناردنەوەی هەزاران لاوی کورد بۆ کوردستان لەکاتێکدایە نەشوێنی ژیان و نەئیش و نەپارەیەکیان بۆ دابینکراوە بۆ ژیان، ئەمە کاریکی هەڵەیە لەبری ئەوەی لەم ڕۆژانەدا دەستی یارمەتی بۆ کوردو حکومەتی کوردستان درێژ بکەن و بۆ

ئەم لاوانەی ئێرەش خۆلی لەبواری کۆمپیوتەرو گەشت و گوزراو ئیدارە وکاری پیشەیی یان بۆ بکەنەوە، ئەوا دەیانێرنەوەو دەبنەوە بارگرانی وهەم لەسەر خێزانەکانیان وهەم لەسەر کۆمەڵ وحکومەتی هەریم ..)). ئەمە دەقی هەلویستی پارتی و یەکیەتی یەو نیگەرانی یەکانی ئەوانە لەمەڕ دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران بۆ کوردستان. کە نەك تەنها نامۆترین ڕەوشت وهەلویستە بۆ داکۆکردن لەماف پەنابەری، بەلکو لەڕاستیدا ئەمە ناتوانیت مانایەکی لەوە زیاتری هەبیت کەپارتی ویەکیەتی چۆن مەسەلەی پەنابەری وچارنووسی دەیان هەزار ئینسان دەکەن بەکارتێکی سیاسی ومامەڵە بەژیان وئایندەی ئەم ئینسانانەوە دەکەن. جیگەی خۆیەتی لەمبارەوە رون کردنەوەیەکی زیاتر بدەین: یەکەم/ دەیان هەزار ئینسان لەماوەی چەند سالی ڕابردودا ڕوویان کردوەتە هەندەران کە هەزاران کەسیان لەڕێگەو بانەکاندا بوونە قوربانی وگیانیان لەدەستداوە تەنها بە مەبەستی بەهرمەند بوون لە ماف پەنابەری. دووەم / هەزاران کەس کە لە کوردستانەوە رووینکردوەتە هەندەران نەهیچ ڕابردو یەکی سیاسی یان هەیەو نەسەر بە هیچ حزبێکن و نە لایەنگری لە هیچ ئامانجیکی سیاسی دەکەن. ئەی کەواتە بەحوکمی چی وچۆن پارتی و یەکیەتی دەیانەویت کە گەرانەوە یا نەگەرانەوەی پەنابەران بخەنە گرەوی ئەوەی کەئایا چارنووسی هەندێك لەناوچە کورد نشینەکان بەچی دەگات ومەسەلەی ((دەستوور)) بەرەو کوێ دەچێت؟ مەگەر ژمارەی ئەوکەسانە کەمە کەهەلاتنیان لە کوردستان بەهۆی هەلویستی سیاسی وناڕازی بوون لە دەستەلات وبیرورای جیاوازەوە سەرچاوە دەگریت ؟ یان لایەنی کەم بەهۆی کیشەو گرفتی ئەمنیەتی یەوە، ئیتر ئەو لۆژیکە چی یە کە ئەگەر هاتوو مەسەلەی ئەو ناوچانە گەڕانەوە سەر سنووری کوردستان و یا دەستوور پراوپڕ بە دلی پارتی ویەکیەتی بوو ئیتر پەنابەران دەستبەرداری مافەکەی خۆیان دەبن وئامادەی خۆیان نیشان دەدەن، بۆ گەرانەوە بۆ ئەو کوردستانەی کە تیدا هەلاتوون . سێهەم / ئایا زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە کوردستانەوە هەڵدێن و بەناچاری ڕوو لە ئایندەیەکی نادیار دەکەن، شانیان نەداوە بەر قەرزو قۆلەومال وحالفرۆشتن ودورکەوتنەوە لەجگەر گۆشەو ئازیزانیان وتەنانەت ریسککردن بەژیانی خۆیانەوەو دەربازبوون بەنێوکیلگەی مین وتونیل وسەربازگەو کەشتی مەرگ وشاخەو... دەستو پەنجە نەرمکردن لەگەڵ مەرگدا. ئیتر ئەم حوکمەتان لە کوێ وە هیناوە کە پەنابەران بەوەرگرتنی مقداریك پارە ئامادەی خۆیان نیشان دەدەن کە بگەڕێنەوە بۆ کوردستان. چوارەم: ئایا یەکیەتی وپارتی تا ئیستە کەمترین هاوکاری خیزانی ئەو هەزاران پەنابەرەی کردوە کە لە ماوەی 14

سالی ڕابردودا لە ڕیگەو بانەکاندا بوونەتە قوربانی؟ نەك هەر ئەمە ئایا یەکیەتی وپارتی تەنیا یەکجاریش لەو مەبەلەغە خۆش بوون کە لەکاتی دیپۆرت کردنەوەیاندا لە ناوچە سنووریەکان لی یان دەسینریت، بۆ کاروباری تەسفیرات. ئەی کەواتە بۆچی و بەپی کام هەق ئەمرۆ داوای پشتکیری کردن ویارمەتی مالی دەکات لەم وولاتانە لەسەر حسابی گەرانەوەی پەنابەران ؟ پینجەم/ مەسلەیەکی تر ئەوەیە کە هەموو تیۆری گەرانەوەی پەنابەران لەم وولاتانەدا لەسەر ئەساسی ئاسایش بوونی کوردستان بنیاد نراوە، ئایا پارتی و یەکیەتی بەدەر لە ئامانجە سیاسی یەکانی خۆیان، ئامادەن تەنها جارێك بە شێوەیەکی ڕەسمی ئەم بەهانە ناڕاست و ناڕەوایە بەدرۆ بخەنەوەو دان بەوەدا بنێن کە کوردستانی عیراق ناوچەیەکی ئارام نیە؟ کە ئەمە لە ڕووی یاسای وعەمەلی یەوە ئیتر کۆتای بەهەر بەهانەیەك دەهێت و فایلی دیپۆرت کردنەوەی پەنابەران بە تەواوی هەڵدەپێچیت . شەشەم / مەسەلەی ماف نیشتەجی بوون یەکیك لەسەرەتایترین مافەکانی ئیسانەو نەهیچ پەیوەندیەکی بە کێشەی دوستوورو فیدرالیزمەوە هەیەو نە بەهیچ ئیمتیازیکی مادی دەگۆردریتەوە . ئەوەی کە چەند سالە ئیوە دەیبینن و بەلام نایبیستن ئەوەیە کە پەنابەران دەلین، بەلێ بۆ ماف پەنابەری ونا بۆ گەرانەوە، بۆیە لەو کاتەدا کە ئیوە نیگەرانن لەوەی جی بەجێ نەکردنی دەستوورو وەرنەگرتنی ئیمتیازی ئابوری پەنابەران لە شەقامەکانی لەندەنا بەدەنگی بەرز دەڵێن کوردستان ئامن نیەو نامانەویت بگەڕینەوە. ماوەتەوە بڵێن دلنیابن ئەگەر ڕۆژگارێك ئەمنیەت و ئاسایش بالی کێشا بەسەر ژیانی خەلکدا لە کوردستان، ئەگەر ڕۆژگارێك خەڵکی کوردستان بە ماف و ئازادی یەکانی خۆیان گەشتن و هیچ لایەن ودەستەلاتێك نەبوو کەلەسەر دەربرینی بیرورا، مانگرتن، خۆپیشاندا، ڕیکخراو بوون، ڕەخنەگرتن .. سزای خەلك نەدات وتەقەیان بەسەردا نەکات و بەزیندانیان نەسپێریت و کەژو هەوایەکی ئازادو ئینسانی دەستەبەر کرا، ئەوا ئیتر خەبەریك لە ئاوارە بوونی خەلك نیەو هەرکەس ولایەنیك بەشێوەو ڕەوشتنی خۆی، لە شوێنی خۆیەوە هەولدەدات کەبەردەکانی بنیادنانی کۆمەلگایەکی مەدەنی بخاتە سەر یەك و هەر ئەو کاتە بنیادنانی کۆمەلگایەکی پیشکەوتو ئینسانی دەبێتە ئەرکی سەرشانی هەمولایەکی بەرپرس وئیدی هەر ئەوکاتە خۆری دیاریدەی ئاوارەبوونیش مال ئەوای دەکات!

## ماوەتەوە بلین کە ئایا کام بزوتنەوەو بەرە داکۆکی کەری واقعی یە لەماف و داخوازیەکانی پەنابەران ؟

هەندیك جار دۆستانیك دەپرسن ئایا بۆ کاتیك کە فیدراسیون بانگەوازی لایەنەکان دەکات بۆ پشتگیری کردن لە مافەکانی پەنابەران، خەت بە ژیرپیێ ی حزب و لایەنە چەپ رادیکالەکاندا دینین ؟ بۆ ناکریت هەر یەك ڕەوشت جێ بخەن کە بانگەوازکردنی هەموو لایەنەکان بیت بۆ پشتگیری کردن لە مافەکانمان ؟ ڕوالەتی ئەم پرسیارە خۆ بەخۆ هیچ نادروست نیە و دەکریت واش بێت، بەلام ئەوە خۆشخەیالی یە ئەگەر بێت و پێمان وابێت کە هەموو چین و تویژەکانی نێو کۆمەلگا وەك یەك خۆیان بەبەرپرس دەزانن لە بەرامبەر بە ڕووداو دیاردیدەکانیدا. بە دلنیای هەر چین و توویژێك و هەر حزب و بزوتنەوەیەکی سیاسی کۆمەلایەتی بەرژوەندی چینایەتی خۆی هەیەو یە دواس یەهیزکردنی ئەو بەرژوەندیانەوەیە .

بێ دەلیل نیە کە هەمیشە دوو بەرەو بزوتنەوەی دژ بە یەك بەدی دەکەین لەم کۆمەلگایانەدا لەپەیوەند بە هەلویستگرتن لەسەر هەر دیاریدەیەك. بیگومان بەرژوەندیەکانی ئەو حزب و بزوتنەوەو لایەنەی کۆنسەرڤەتیڤ و ڕاست و بۆرژوایانەی کە ئەمرۆ بریار لەسەر داخستنی سنووری وولاتەکانیان دەدەن بەروی پەنابەراندا و لەوەش زیاتر بە کردەوە سەرگەرمی پرۆژەکانی خۆیانن بۆ دیپۆرت کردنەوەی پەنابەران، هەرگیز ناتوانریت بەهەمان شیوەش سەیری هەلویستی ئەو حزب و لایەنانە بکریت کە بە پیچەوانەوە زۆر جار بەبێ بوونی ئیمەش ئەوان سەنگەریان لێداوەو لەبەرابمەر بەسیاسەتەکانی ئەم حکومەتانەدا ڕاوەستاونەتەوە. بۆیە بۆ ئەوان هەلویستگرتن لە سەر پەنابەران لەنیو شەپۆلی ئەو هێرشانەی تردا دەخوینریتەوە کە ڕۆژانە دەکریتە سەر کریکاران و زەحمتکیشانی ئەم وولاتانە .ئەم شەڕە شەڕو پیکادانیکی فراوانترو ڕەنگە تۆ تەنیا لەو کاتەدا سەرنجت ڕابکیشیت کە قسەیەك لەسەر بەرژەوەندی ئینسانیت دەکریت. ئەگینا هێرش و پەلاماردانیك کە چینە دەستەلاتدارەکانی ئەمرۆی ئەم کۆمەلگایانە کردویانەتە سەر ژیان و گوزەرانی خەلکی و ڕۆژانە خەریکی دانانی نەخشەو پیلانی نوێن بۆ کەم کردنەوە برینی ماف و ئازادیەکانی جەماوەری ملیونی، بۆ کەم کردنەوەی و برینی بیمەو خزمەتگوزاریەکان و بۆ هینانە خوارەوەی هەق دەست و برینی نان و شیری مندالان بۆ کەس شاراوە نی یە کە حزبی کۆمۆنیستی کریکاری لەم نیوەدا دەوریکی کاریگەرو بەرچاوی هەیە هەر وەك چۆن لە کوردستان سەنگەری داکوکی کردن بووە لە ماف وئازادی یەکانی خەلکی، بەهەمان شێوەش لە هەندەرانیش ئەوە ئەوانن کە بەبێ هیچ قەیدوشەرتیك لەسەنگەری پێشەوەدا بۆ داکۆکی کردن لە ماف و داخوازیەکانی پەنابەران . بۆیە بە دلنیای لیکپیچانی خەبات و تیکۆشانی پەنابەران ودەوری پیشرەوانەی حزبی کۆمۆنیست دەتوانیت هاوکێشەکانی ئەمرۆ تێکبشکینیت و بە پشتیوانەی ئەو بزوتنەوە رادیکال و پیشکەوتخوازەی ئەم کۆمەلگایانە نەخشەو پیلانە دژی پەنابەریەکانی حکومەت هەلبپیچین وماف و داخوازیەکانی خۆمان بەدی دینین. مەرجی سەرکەوتنی ئیمە یەکگرتن و ریکخراوبوون و هاتنەمەیدانامانەو ئەمرۆ فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی ئالایەکی بەرز ڕاگرتووە بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانی پەنابەران کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ ئاین و میللەیەت و جنسیەتیك دیفاع لە ماف ئینسانی قوربانیانی شەرو

کوشتارو نابەرابەری و نا عدالەتی و برسیەتی وبیکاری و هەژاری دەکات و جیگەی خۆیەتی لە دەوری ئەم ریکخراوە کۆبنەوە تا بەرژانە نیو شەقامەکان و بە دەستەوە گرتنی هەموو ئالیات و میکانیزمە شارستانیەکانی تری خەبات ، مافەکانی خۆمان بە دەست بهینین !

2005 / 8 / 24